# ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتدا

ئەلبێرتۆ مۆراڤیا
لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا نە لە ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی یۆنان و رۆمی کۆن دەچێ، نە لە ئیرۆسیزمی ئەو ئەدەبیاتەی کە دواتر هات. ئەگەریش هاوشێوەیەکیشی هەیە زیاتر لە نمونەی یەکەم دەچێ. بەڵام ئەم جیاوازیە لەئارادایە کە ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی پاگان Pagan دا هەڵگری سەرلەبەری سادەیی و کێوی بوون و هاوئاهەنگیی ئەو سرووشتەیە کە ئێستاش بە هۆی تاوان لە مەسیحی بووندا لێك هەڵنەوەشاوەتەوە و نەبۆتە دژی خۆی. کەچی ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا دەبێ ئەزموونی مەسیحیی وەبەرچاو بگرێ. بە واتایەکی دیکە ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا هەڵقوڵاوی بارودۆخێکی سرووشت نییە، بەڵکو ژێدەرەکەی رەوتی رزگاربوونە لە یاساغەکان و ئەو تابویانەی بەر لە خۆی هەبوون. ئازادیی بۆ پاگانە ـ کان راستەقینەیەکی سانا بوو. کەسێك نەبوو کە ژیرانە بیری لێبکاتەوە. بەڵام مۆدێرنەکان دەبوایە



خوازیاری ئازادیی بوایەن و سەر لە نوێ بیاندۆزیبوایەتەوە. دەبوو دیسان بەدەستیان هێنابوایەتەوە. بەپێچەوانە، ئیرۆسیزم لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا تایبەتمەندیی بابەتگەلێکی هەیە یان دەبێ بیبێ کە سەرسامت ناکەن یان هەر لە خۆوە سەرنج راناکێشن ــ بە کورتیی نۆرماڵن. ئەگەر مەبەستمان لە نۆرماڵ بریتی بێ لە گۆڕانی کردەی جنسی بەرەو شتێکی کە لە دیدی زانستیەوە ناسراو و هەڵگری ناسراویی شاعیرانە بێ لە دیدی ئەخلاقییەوە بێ بایەخە. ئەو دەرەنجامەی بەدەست دێ یان دەبێ بەدەست بێ ئەمەیە کە بۆ یەکەم جار دوای ئەدەبیاتی پاگانەکان، سێکس دەبێتە بابەتی شیعر بە بێ پێویستبوونی سیمبول و خوازە. ئەمرۆکە بۆ یەکەمجار دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە، کردەی جنسی هەر کاتێکی کە خودی بەرهەم بخوازێ دەتوانێ بە شێوەی راستەوخۆ و بێ پێچوپەنا، بە شێوەی ئاشکرا و ریالیزمانە و شاعیرانە نیشان بدرێ.

ئێستاکە رەنگە بپرسن: ئایا پێویستە کە سەبارەت بە کردەی جنسی قسە بکرێ و ئەگەر وایە، چ کات؟ وەڵامی من ئەوەیە، پێویست ناکا هەمیشە لە سەر کردەی جنسی قسە بکرێ، راست هەر بەوجۆرەی کە پێویست ناکا هەمیشە لە بارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان یان بەسەرهاتە جۆراوجۆرەکان لە ئەفریقا بدوێین. بەڵام بە پێچەوانەی رابوردوو ئەگەر ئەمڕۆکە بەرهەڵست و تابوویەکی رێگر لە پێش دوان لە سێکس نییە، بێدەنگ بوونیش لە ئاست سێکسدا ئەویش کاتێ کە باس لێکردن پێویستە، ئیدی وەکوو رابوردوو بابەتێکی ئەخلاقی نییە بەڵکوو ناکارامەبوونی دەربڕینە. با ئاماژە بە نمونەیەك بکەین: نوسەرێکی هاوچەرخ کە کردەی جنسیی سانسۆڕ دەکا، ئەویش کاتێ کە بابەتی کتێبەکەی دەیخوازێ، لەو هاوڵاتییە دەچێ کە لە حکومەتێکی دیموکراتیکدا باسی سیاسەت ناکا چونکە دیکتاتۆڕیی پێشتر ئیزنی کارێکی ئەوتۆی نەدەدا. هەڵبەت ئەمە دوویات دەکەمەوە کە هەمیشە پێویست نیە لە کردەی جنسی بدوێین. بەڵام ئەگەر بە وشەکان یاری بکەین، پێویستە باسی بکەین کە پێویست بێ.



کێ دەتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە ئەشق لە هەموو سەردەمێك و لە هەموو شوێنێك بابەتی باوی ئەدەبیات بووە؟

بەڵام ئەویتر دەڵێ باشە لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا چۆن ئەشق بۆ سێکس ، بە واتایەکی دیکەچۆن ئەشق ئەو تایبەتمەندییە ئاڕمانجی و خوازەیی و ناڕاستەوخۆیەی لە کیس داوە کە لە رابوردوو دا هەیبووە و دواتر لەگەڵ کردەی جنسی بوونەتە یەك شت؟ هۆکارەکانی ئەم یەکبوونە زۆرن، هۆی سەرەکی هەر بەو جۆرەی کە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد بریتییە لە لابردنی یاساغەکان و ئەو تابویانەی لە رادەبەدەر و بە شێوەی دەستکرد پەرەیان بە ئاڕمانجی بوونی ناڕاستی ئوروتیزم دەدا.

ئەم تابو و بەربەستانە تەنیا بەڕواڵەت بنچینەی مەسیحییان هەیە، مەسیحی بوون لە راستی دا راسپاردەی داوێن پاکبوونی نەبەزاند. تابو و یاساغەکان رەنگە دەرەنجامی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی involution هێور بن، گۆڕانکارییەکی کەم تا زۆر هاوشێوەی ئەو شتەی بۆ نمونە لە پەیوەندییە چینایەتیەکانی بەشێك لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان دا دەبیندرێ.



سەرەڕای ئەمە لەناوچوونی ئەم تابو و یاساغانە بەگشتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی دەگوترێ دەرونزانیی قوڵایی یان دەرونشیکاری و ئەو زانستە دەرونزانییانەی پەیوەندییان لەگەڵی هەیە.

دۆزینەوە دەرون شیکاریەکان لە دوو روانگەوە دەرەنجامی بنەڕەتی هەبووە: ئەم دۆزینەوانە تابوەکانیان شکاندووە، و کردەی جنسییان لە چوارچێوەی ناوزڕاوی و شوورەیی رزگار کردووە و دیسان خستیانەوە نێو چەندین شێوازی بەیان و پەیوەندی کە لە بەر دەستی مرۆڤ دا هەبوون.

لە ئەدەبیاتی مۆدیرن دا کردەی جنسی نە وەسوەسەیەکی شەیتانییە کە خواپەرستانی سەدەکانی ناڤین پێیان وابوو و نە چێژێکی تا رادەیەك هاوشێوەی چێژی خواردن بۆ بۆرژوازی سەدەی هەژدەیەم، لە ئەدەبیاتی مۆدیرن دا کردەی جنسی بوم جۆرە نییە، یان نابێ وابێ، بەڵکو چەشنێك کردەی چونە ناو سیستمێکی جیهانی و ئەوپەڕ مرۆڤییە، ئەمەش کاتێ دەردەکەوێ کە بتوانین کردەی جنسی لە ترسی ئەخلاقی و هەروەها لە جێژوەرگرتنی رەشۆکیانە جیا بکەینەوە. کردەی جنسی کاتێ بەم جۆرە ببیندرێ لە راستی دا شتێکی سەرتر و رەمزاوی تر و کامڵ تر لە ئەشقە. بەتایبەتی ئەگەر ئەشق وەك پەیوەندی جەستەیی ـ هەستەوەری ی سادەی نێوان پیاو ژن راڤە بکرێت.

***